# نوزیبێلە و سێ تاڵە موو



Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin
3
کوردی ckb



له سەردەمێنی زوو، سێ کچ چووبوونە دەرەوە بۆ دارکۆکردنەوە.



ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، بۆیە چوونە دەم ڕووبارەکە بۆ مەلەکردن. ئەوان یارییان کرد و شەڕەئاو و مەلەیان کرد.



لەنگو بە پێیێن زانی کە کات درەنگ بووە، بۆیە خێرا گەڕانەوە بۆ گوندەکەیێن.



کاتێک لە ماڵ نزیک بوونەوە، نوزیبێلە دەستی بۆ ملی برد. ئەو ملوانەکەکەی لەبیر چووبوو، بۆیە لە دەستەخوشکەکانی پاڕایەوە: "تکایە لە گەڵم بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ملوانکەکە بهێنمەوە." بەڵام هاوڕێکانی گوتیان ئێوارە زۆر درەنگە.



بۆیە نوزیبێلە بە تەنێ بۆ دەم ڕووبارەکە گەڕایەوە. ملوانکەکەی دۆزییەوە و بە پەلە بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ، بەڵام لە بەرتاریکی ڕێگای لێ ون بوو.



لە دوورەوە ڕووناکییەکی لە کۆخێکەوە بینی. ئەو بەرەو کۆخەکە ڕایکردو لە دەرگی دا.



سەری سوڕھەڵکتێك بینی سەگێك دەرگاکەی کردەوە، سەگەکە گوتی: “چیت دەوێ؟” نوزیبێلە وەڵامی دایەوە: “من بزر بوومە و پێویستم بە شوێنی خەوە.” سەگەکە گوتی: “وەرە ژوورەوە دەڵ دەتگەزم!” بۆیە نوزیبێلە چووە ژوورەوە.



دواتر سەگەکە گوتی: “خواردنم بۆ دروست بکە!” نوزیبێلە گوتی: “من پێشتر هەرگیز خواردنم بۆ سەگ دروست نەکردووە.” سەگەکە گوتی: “خواردنم بۆ دروست بکە دهۆ دەتگەزم!” بۆیە نوزیبێلە هەندێ خواردنی بۆ سەگەکەئهۆدە کرد.



دواتر سەگەکە گوتی: “جێگم بۆ ڕاخە!” نوزیبێلە گوتی: “من هەرگیز جێگای خەوم بۆ سەگ ڕانەخستووە.” سەگەکە گوتی: “جێگای خەوەکەم بۆ ڕاخە دەنا دەتگەزم!” بۆیە نوزیبێلە جێگاکەی بۆ ڕاخست.



نوزیبیێله هەموو ڕۆژێ ناچار بوو کە خواردن بۆ سەگەکە دروست بکا و ماڵەکەی گەسک بدات و خاوێن بکاتەوە. ڕۆژێکیان سەگەکە گوتی: “نوزیبیێله، من ئەمڕۆ دەبێ بچم سەردانی چەند هاوڕێیەکم بکەم. ماڵەکە گەسك بدە، خاوێنی بکەوە وخواردن دروست بکە پێش ئەوەی بگەڕێمەوە.”



هەر دوای ئەوەی کە سەگەکە ڕۆیشت، نوزیبێلە سێ داڵە مووی لە سەری خۆی کردەوە. ئەو داڵێکی لەژێر تەختە خەوەکە دانا و داڵێکی دیکەش لە پشت دەرگاکە و داڵەکەی دیکەشی لە حەوشەکە دانا. دواتر زۆر بە خێرایی گەڕایەوە ماڵەوە.



کاتێ سەگەکە گەڕایەوە، بە دوای نوزیبێلە دا گەڕا. دەنگی کرد: "نوزیبێلە، تۆ لە کوێی؟" ئاڵە مووی یەکەم گوتی: "ئەوەتام لەژێر تەختەخەوەکە." ئاڵە مووی دووەم گوتی: "ئەوەتام لە پشت دەرگاکە." وئاڵە مووی سێهەم گوتی: "ئەوەتام لە حەوشەکە."



ئەوکات سەگەکە تێگەیشت کە نوزیبلە فێڵی لێ کردووە. تەواوی ئەو ڕێگایەی بۆ گوندەکە دەچوو بە خێرایی بڕی. بەڵام براکانی نوزیبێلە بە گۆپاڵی گەورە چوەڕێین دەکرد. سەگەکە گەڕایەوە و هەڵات و ئیتر دووبارە کەس نەیدیتۆتەوە.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## نوزیبێلە و سێ تاڵە موو

Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin

CC BY